فەرماندەیی ئەپەراسیۆنە هاوبەشەکان پلانی دوای داخستنی سندوقەکانی دەنگدان ڕادەگەیەنێت

ئەمە هەینی، فەرماندەیی ئەپەراسیۆنە هاوبەشەکان، پلانی ئەمنیی خۆی بە پاراستنی ناوەندەکانی هەڵبژاردن خستەڕوو، کە لە مانگی ئایاری ڕابردووەوە دەستیپێکردووە، و جێختیشیکردەوە: لە دانانی پلانێکی تەواو بە دوای داخستنی سندوقەکانی دەنگدان.

جێگری فەرماندەی ئەپەراسیۆنە هاوبەشەکان و سەرۆکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی 2025 فەریقی یەکەم ڕوکن قەیس محەمەداوی، بەپێی ئاژانسی فەرمی کەموتەڵع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: لیژنەی باڵای ئەمنی بە هەڵبژاردنەکان، لە کاتی پێکهێنانیەوە لە مانگی پێنجدا بە فەرمانی دیوانی، دەستی بە جێبەجێکردنی ئەرکە جەراوجەرەکان کردووە بە دەنیابوون لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ئارام و سەقامگیر، و وتیشی: لیژنەی باڵای ئەمنی چەندین ئەپەراسیۆنی پێشوەختەی ئەنجامداوە کە لە چەندین تەوەردا دابەشکرابوون، لەوانە ڕاوەدوونانی پاشماوەی چەتەکانی داعشی تیرۆریستی و ئەنجامدانی هەرشی ئاسمانی ورد و ئەپەراسیۆنی زەمینی وردبینیکراو لە ناوچە دیاریکراوەکاندا، کە هاوکات بوو لەگەڵ هەوەی هەواگری و چاودێری وردی ئاسمانی، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە بەدەستهێنانی ئەنجامی جێی و سەرکەوتنی گەورە.

ئاماژەی بە ئەوەشکرد: تەوەرێکی تر بریتی بوو لە چاودێریکردنی سەرپێچییەکانی هەڵبژاردن، بەو پێیەی

دەزگا هەواڵگرییەکان توانیان هەوڵەکانی دەاندنی وێنەی بانگەشە و فرەشتنی کارتی دەنگدان پووچەڵبکەنەوە، جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری ڕقوکینە و تائیفی و هەموو ئەوانەی کە زیان بە ئاشتی کۆمەاڵیەتی دەگەیەنن، لەم بوارەدا ئەنجامی ئەرێنی کاریگەریان بەدەستهێناوە.

ئاشکراشیکرد: لە نێو تەوەرە گرنگەکانیشدا لیژنەی سیبرانیە کە تایبەتە بە بەدواداچوونی لایەنە تەکنیکییەکان و پاراستنی سیستەمە ئەلیکترۆنییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەوە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ماڵپەاڕانەی کە هەوڵی ناوزڕاندنی عێراق یان بەاوکردنەوەی پەوپاگەندەی چەواشەکارانە یان ئامانجگرتنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەدەن.

سەبارەت بە پلانی دوای داخستنی سندوقەکانی دەنگدانش، ڕوونیکردەوە: هەموو ناوەندەکانی دەنگدان بەبێ هیچ جیاوازییەك، دەکەونە ژێر ڕەکارەکانی ژماردن و جیاکردنەوەی دەستی و بەراوردکردنی ئەنجامەکان لەگەڵ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی کۆمسیۆن، و لەم قۆناغەدا هەزە ئەمنییەکان پاراستنی ناوەندەکان و نووسینگەکانی کۆمسیۆن و کێگاکان و ناوەندەکانی تەمارکردن بەهێز دەکەن.

وتیشی: پلانیش گواستنەوەی کەرەستەی هەڵبژاردن و فلاش میمۆرییە بە ناوەندە تایبەتەکان لە پارێزگاکان، و پاشان بە سەنتەری نیشتمانی لە بەغدا، بە سەرپەرشتی کارمەندانی باوەڕپێکراو و پاسەوانی ئەمنی توند، لەکاتێکدا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی بە گواستنەوەی فلاش میمۆری لە پارێزگا دوورەکان و فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکانی سوپا بە گواستنەوەیان لە قەزا و ناحیەکانەوە بە ناوەندەکانی شارەکان بەکاردەهێنرێن.

جەختیشیکردەوە: هەزە ئەمنییەکان یەدەگی ناوەندی و خەجێیی و پلانێکی وردیان بە مانۆکردن بەپێی کاتە دیاریکراوەکان ئامادەکردووە، بە دەنیابوون لە تەواوبوونی پرۆسەی گواستنەوە بە سەلامەتی و وردبینییەکی زۆر تا گەیشتنی سەرجەم کەرەستەکان بە سەنتەری نیشتمانی لە بەغدا.